هێلین

HelinMedia
Kurdistan Women Union Media Network

ئافرەتی کورد، بەرەنگاری و ئازایەتی

د.ڤیان سلێمان

ئافرەتانـــی کوردســـتان بە درێژایـــی مێژوو لە کاتێکدا لەناو خێزان و کۆمەڵگەدا زۆرلێکراوبوون و وەک ئافـــرەت ســـتەمی کۆمەڵایەتـــی و وەک کورد ســـتەمی نەتەوایەتییان لەسەر بووە، بەڵام لە بارودۆخی ســـەخت و هەلومەرجە قورسەکاندا ڕۆڵی شایســـتەی خۆیانیان بینیوە. بەشـــداری خەباتـــی نەتەوەیی و بزاڤـــی ئازادیخوازی گەلی کوردســـتانیان کردووە و کاریگەری گەورەیان لە بەردەوامی و ســـەرکەوتنی ئەو بزاڤەدا هەبووە و پشکی سەرەکی قوربانیدانیشیان بەرکەوتووە. لە خێزاندا ئەرکە قورسەکە لە ئەستۆی ئافرەت بووە و هەر خـــۆی کۆڵەگەی خێزان و پەروەردەکار و تەنانەت بەشـــدار بووە لـــە دابینکردنی ئابووری خێـــزان ســـەرباری کاری ناو ماڵ. لەمڕۆشـــدا ئـــەرک و ڕۆڵی ئافـــرەت گۆڕانکاری بەســـەردا هاتـــووە و ئافرەت بەشـــدارێکی بەرچاوی کایە جۆراوجۆرەکانی دەســـەڵات و لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردســـتانییە. لـــە هەمووی گرنگتر ئافرەت بەشدارێکی ســـەرەکی خەباتی مەدەنی و ڕێکخراوەیی بەڵکو هـــەر خۆی دانەمۆی ئەو بزاڤە مەدەنی و یەکسانخوازییە کە لەم قۆناغەدا بوونی هەیە.

ئـــەوە ڕاســـتیەکی نکۆڵی لێنەکـــراوە، کەوا ئافـــرەت توندوتیـــژی بەرامبـــەر دەکـــرێ، بە پاساوی گەڕانەوەی شەرەف دەکوژرێ، ناچار بە خۆکوشـــتن و خۆســـوتاندن دەکرێ، بە کەم لە تواناکانی دەڕوانرێ و بارتەقای ڕەگەزی بەرامبەر لە کایەی سیاسی و ئابوری و بوارەکانی دیکەش دەرفەتـــی پێنادرێت، بەڵام هەموو جار و هەموو کات بەرچاوخســـتنی قوربانیبوونـــی ئافرەت و هەمیشە پیشـــاندانی وەک ستەملێکراو نەک هەر چارەســـەر نییە، بەڵکو زیان بە پرسی ئافرەت دەگەیەنێت. بەڵکو پێویســـتە ســـەرکەوتنەکانی ئافرەت و بەرەوپێشچوونەکانیشـــی باس بکرێ و دیار بخرێ. ئەوەش لەپێشـــچاوبێت، کە ئافرەت ســـیمبولی قوربانیدان و ئازایەتییـــە و ئافرەتی کـــورد ئەو بونەوەرە لاوازە نییـــە، کە بە چاوی ســـۆز و بەزەیی لێی بڕوانرێت، بەڵکو ئەگەر بە مێـــژوودا بچینەوە گەورەیی ئافرەتی کوردمان بۆ دەردەکەوێ.

لەمڕۆدا ئافرەتی کورد ســـەختترین و پڕ ئێش و ئاســـتەنگترین تێکۆشان دژ بە بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییە پیاوســـالارەکان بەڕێوە دەبات کە ڕەگداکوتـــراوی هـــەزاران ســـاڵەن. قوربانیدانی ئافرەتە کـــە گۆمی مەنگی هزری پیاوســـالاری شەڵەقاندووە و تەلبەندی پڕ درک و داڵی داب و نەریتی پساندووە، ئازایەتی ئافرەتە کە نەخێری بۆ ستەمی پیاو و فەزای گشتی پیاوانە و کایەی تایبەتی ئافرەتانە کردووە. تێکۆشـــانی ئافرەتە کـــە جۆرێک لە تێگەیشـــتنی دروســـت کردووە بەوەی کە پیاویش وەک مرۆڤ قوربانی هزرێکی کۆمەڵایەتـــی ڕەگەزخوازییە کە گۆشـــی کردووە بەوەی ئەو باڵادەستە و شوێنگەی ئەو بەرزترە. ئـــەوە قوربانیدان و ئازایەتی و پێداگری ئافرەتە کە ڕای گشـــتی لە بوونی پرسی ئافرەت هۆشیار کردووەتـــەوە و هەموانی ناچار بە گرنگیدان بەم پرسە کردووە.

ئێمـــەی ئافرەتـــی کورد وەک تاکـــی نەتەوە قوربانیمـــان داوە لە پێنـــاو ڕزگاری نەتەوەیی و پاراســـتنی ناســـنامەی نەتەوەیی، قوربانیشمان داوە وەک ئافـــرەت بـــۆ یەکســـانی جێندەری و پاراســـتنی شوناســـی ئافرەتبوون، تێکۆشان لە هەردوو ئەم بوارانـــەدا بۆ ئێمەی ئافرەت گرنگە و نابێت لە هیچیان ســـارد بینەوە و پاشەکشـــە بکەیـــن. وەک تاکی نەتەوەی کورد ســـەرەڕای ئەوەی گەلەکەمان تـــا ڕادەیەک قۆناغی ڕزگاری نەتەوەیـــی تێپەڕاندووە و خـــاوەن قەوارەیەکی دەســـتوری دانپیانراویـــن، وەک ئافرەتیـــش بەشدارێکی بەرچاوی کایەی سیاسی و جومگەکانی دەوڵەتداری و پەرلەمانتاری و ڕێکخراوەیین، بەڵام نکۆڵیش لەوە ناکرێت کە نەیار و دوژمنانمان زۆر و ناهەموار و دڕندەن؛ بۆیە ســـەلماندنی ڕۆڵمان لە پاراستنی ئەم قەوارەیە و بەهێزکردن و زیاتر جێگیرکردنی ئەرکی سەرەکی و لە پێشینەمانە. وەک ئافرەتیش خەباتێکی ســـەختتر لە خەباتی

> **تێکۆشانی ئیمەی ئافرەت بۆ کوردستانێکی ئازاد و یەکسانە بۆ ئافرەت و پیاو، بۆ کۆمەڵگەیەکی دیموکراس و ژیانێکی هاوبەشی و هاوپێگەییە لە ژیانی تایبەت و گشتیدا، بۆیە ئەرکمان قورسە و کاتی ئەوەیە ڕۆڵ و کاریگەری خۆمان زیاتر بسەلمێنین**

نەتەوەیی لە پێشـــمانە، کە خەباتی یەکسانی و بەرەنگاری بیری زاڵی پیاوسالاری و ئەو نۆرمانەیە کە سنورمان بۆ دیاری دەکا و چوارچێوەمان بۆ دادەنـــێ و بە کەم توانـــا و ئاوەزمان دەزانێ و ڕۆڵی یەکســـانمان پێ ڕەوا نابینێ. تێکۆشـــانی ئیمەی ئافرەت بۆ کوردستانێکی ئازاد و یەکسانە بۆ ئافرەت و پیاو، بۆ کۆمەڵگەیەکی دیموکراس و ژیانێکی هاوبەشی و هاوپێگەییە لە ژیانی تایبەت و گشتیدا، بۆیە ئەرکمان قورسە و کاتی ئەوەیە ڕۆڵ و کاریگەری خۆمان زیاتر بسەلمێنین.

توندوتیژی زارەکی

شۆخان ڕۆستەم

توندوتیـــژی زارەکـــی یەکێکـــە لـــە جۆرەکانی توندوتیـــژی، بەڵام بەهۆکاری جیا جیا دەتوانین وەکو بابەتێکـــی جیاواز لێکۆڵینەوەی لەســـەر بکرێـــت، ئـــەم بابەتـــە مانا و واتـــای زۆری لە دەروونـــی خۆیـــدا هەڵگرتووە، هەرکـــە بڵێین توندوتیـــژی زارەکـــی یەکســـەر ئـــەوە دێت بە مێشـــکمان واتا بەکارهێنانی وشـــەی ناشرین و ناشایســـتەو جنێودان، بـــەڵام ئەگەر وردتر لێی بکۆڵینەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەندێک دەستەواژە هەیە کەڕەنگە زۆر بەڕێزەوە بوترێت بەڵام لەناوەڕۆکدا پەیامـــی روخێنەری تێدایە و کاریگەری ناڕاســـتەوخۆ لەســـەر ئەقڵی نائاگای مـــرۆڤ دەکات، بۆ نمونە کەســـێک بەکەســـی بەرامبـــەری بەڕێـــزەوە ئەڵێـــت (تـــۆ توانای ئەنجامدانی ئەم کارەت نیە) ئەم دەســـتەواژانە بەئەنقەست بەکاردەهێنرێن و ئامانجی روخاندن و سوکایەتی پێکردنی کەسی بەرامبەرە.

توندوتیژی بەرامبەر خود، واتا کەســـێک کە لەدژی خۆی شـــۆرش بەرپادەکات، پێچەوانەی ئامانجەکانی خـــۆی دەجولێتەوە، وەتوندوتیژی زارەکـــی بەرامبەرخـــۆی بەکاردێنێـــت هەر لە روخاندنـــی خۆی لەناخەوە تادەگات بە هەوڵدان بۆ خۆکوشتن.

بەشێوەیەکی گشتی ئەگەربمانەوێت لەدیدگای دەروونناســـانەوە لەم جۆرە توندوتیژیە بڕوانین هەندێک هۆکاردەبێتـــە هۆی ئەم جۆرە ڕەفتارە لەکەسەکاندا :

یەکەمین هۆکار شکســـتە، هەرکاتێک ناتوانن بەئامانجەکانیان بگەن و ئەو شتەی کە دەیانەوێت ناتوانن بەدەستی بهێنن، دەست دەبەن بۆ کاری توندوتیژی کە توندوتیـــژی زارەکی یەکێکە لەو جۆرانە.

دووەمین هۆکار فێربوونە لەکۆمەڵگەوە، کاتێک منداڵ یان گەنج یـــان بەتەمەن لەکۆمەڵگەیەک بژیت کەپڕبێت لەبەکارهێنانی وشـــەی ناشـــرین و ســـوکایەتی و جنێـــودان، بێگومان کاریگەری ڕاســـتەوخۆی لەســـەر ئەو کەســـانە دەبێت و فێر دەبـــن کە چیتر بەشـــێوەیەکی فراوان ئەو وشانە بەکاربهێنن. توندوتیژی زارەکی لەڕێگای زمانەوە بەکاردەهێنریت، زمانیش بەسروشـــتی خۆی فێری وشەکان دەبێت، کەواتە کاتێک ئێمە لەکۆمەڵگایـــەک بژین کە پڕبێت لە بەکارهێنانی ئەو وشانە بێگومان کاریگەری دەبێت لەسەرمان.

ســـێیەمین هۆکار، ناتەواوی بـــاری دەروونی کەســـەکانە واتـــە ئـــەو کەســـانەی بەهـــۆی کێشـــەیەکەوە دەروونێکـــی نائارامیـــان هەیە و ئەوەی دەیانەوێت ناتوانن بەدەستی بهێنن بۆیە دەست دەبەن بۆ ئەم جۆرە ڕەفتارانە. بێگومان هـــۆکار زۆرە بۆ ئەم جۆرە ڕەفتارانە کەناتوانین لەچەنـــد دێرێکدا کورتی بکەینەوە، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە توندوتێژی زارەکی هیچی کەمتر نیـــە لەتوندوتیـــژی فیزیکی، پێویســـتە هەموو هەوڵێکمان بدەین بۆ کۆمەڵگەیەکی پڕ لەئارامی و ئاشتی، یەکەمجار زمانی خۆمان پاکبکەینەوە،

> **هەرکاتێک ناتوانن بەئامانجەکانیان بگەن و ئەو شتەی کە دەیانەوێت ناتوانن بەدەستی بهێنن، دەست دەبەن بۆ کاری توندوتیژی کە توندوتیژی زارەکی یەکێکە لەو جۆرانە**

وە یارمەتی دەوروبەرمان بدەین کە وشەی جوان بەکاربهێنن.

باشـــترین کاریش ئەوەیە کەچـــوار دەورمان تێبگەیەنیـــن کـــە جنێودان و ســـوکایەتیکردن ڕەفتارێکـــە کـــە خۆیـــان هەڵیانبـــژاردوە و بەدڵنیاییەوە دەتوانن بیگۆڕن.

هەولێر ژمارە (٣٤٨٢) ٢٠٢١/٦/١٤

نیان ئەحمەد: هەندێك لەكەناڵەكانی ڕاگەیاندن ڕەچاوی یاساو ڕێسای گشتی كۆمەڵگە ناكەن

باس کردن و گرنگیدان بە پرسی ئافرەت لەناو ڕاگەیاندنی کوردی لەئاست ئەو خواستەدا نیە کە چالاکوانان و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و بەتایبەت ئافرەتانی میدیاکارکاری بۆدەکەن و دەیانەوێت توانای ئافرەت لە بەرنامەکان و خودی دەزگای ڕاگەیاندنیشدا ئەرک و ڕۆڵی سەرەکی هەبێت بەپێی توانای خۆی بەشداربێت لە ئاراستەکردنی فکرو جێبەجێکردنی ئامانجی دەزگاکەی، بۆ زیاتر تیشک خستنە سەر ئەو پرسە لەگەڵ خاتوو (نیان ئەحمەد) جێگری بەڕێوەبەری گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە ئەم گفتوگۆیەمان سازدا.

سەبارەت بە دەرخستنی توانا و ڕۆڵی ئافرەت لەڕووی پێگە و وێنای ئافرەت لەمیدیادا، خاتوو " نیان ئەحمەد" بۆچونی وایە کە پرسی ئافرەت لە ناو ڕاگەیاندنەکان گرنگی پێنادرێت، تا ئەو ڕۆژەی کە تایبەت کراوە بە ڕۆژی ئافرەتان وەکو ٨مارس و،هەفتەی بەرەنگاربوونەی توندوتیژی دژی ژنان، ئەوکات ڕاگەیاندنەکان دەکەونەخۆ بە بەرنامەیەک یا هەواڵێک باسی کێشەی و پرسی ئافرەتان دەکرێت. ئەگەر هەفتەی یەکجار بەرنامەیەک هەبووایە لەسەر ماف و پرسی ئافرەت و کێشە کۆمەڵایەتیەکان خەڵک زیاتر تێگەیشتنیان دەبوو، لە لایەکی دیکەوە پێگەی ئافرەت لە ناو ڕاگەیاننەکان لاوازە چ کەناڵێک دەبینییت بەڕێوەبەرەکەی ئافرەت بێت، مەبەستم کەناڵە جدی و حیزبی سێبەری حزبەکان، تەنها ئافرەت کاربەڕێکەرە لەناو کەناڵی ڕاگەیاندنەکان و ڕۆژنامە گۆڤارەکانی کوردستان.

چاودێریکردنی بەرنامەو پرۆگرامەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن هۆکارێکە بۆ ئەوەی دەزگاکان باشتر کاری خۆیان ڕێکبخەن و بتوانن میدیا وەک ئامرازێک بۆ گەیاندنی پەیامی ڕاست و دروست بەکاربهێنن، لەم ڕووەوە خاتوو "نیان ئەحمەد" تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە ئەوان وەک بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن لە وەزارەتی ڕۆشنبیری تێبینییان زۆرە، هەروەک دەڵێت: هەندێک بەرنامە هەیە پێش ڕووداوەکان ئەکەون و پیش ئەوەی لێکۆڵینەوە بکرێت و لەدادگا کەیسەکە یەکلایی بکرێتەوە، ئەوان لەگەڵ تاوانبار قسە ئەکەن، بۆیە ئەمەش بۆتە هۆکاری سەرلێشواندنی دادگا چونکە بەراستی ناکرێت هیچ بەرنامەیەک پێش ڕووداوەکان بکەوێت و گفتوگۆ لەگەڵ تاوانبار بکات و ڕێگە بدات تاوانبار قسە بکات، زۆرجاریش عاتیفەی خەڵک دەجولێنن، لەبەرئەوەی تاوانبار ناڵێت من تاوانم کردوە،بەڵکو بەهانەی شەرعی و کۆمەڵایەتی بۆ تاوانەکەی دەهێنێتەوە و لەو کاتەدا زوڵمێکراوەکە تاوانبار دەکرێت.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری وەک لایەنی تایبەتمەند لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سەرپەرشتیکردنی ڕاگەیاندنەکان لەڕووی گەیاندنی ڕێنمایی و زانیاری لەسەر پرسی یەکسانی جێندەری لەناو کارو بەرنامەی دەزگا ڕاگەیاندنەکاندا، خاتوو "نیان ئەحمەد" ئاماژە بەوە دەکات کە لە کابینەی هەشتەوە لە زۆربەی وەزارەتەکان هۆبەی جێندەری کراوەتەوە، کاری لەسەردەکرێت،هەرچەندە جیاکاری زۆر کراوە لە پۆستەکان لەنێوان ژن و پیاو،زیاتر پۆستەکان بەدەست، تائێستا بەڕێوەبەری گشتی ئافرەتمان نیە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری وابزانم هەر یەک جێگری بەڕێوەبەری گشتی هەیە ئەویش بەندەیە، لە هۆبەکانیش هەر غەدر لە ئافرەت کراوە وەکو پێویست نەبووە دابەشکردنەکان دادپەروەری تێدا نیە، بەڵام خواستێکی باش هەیە کە گرنگی بە پێگەی ئافرەتیش بدرێت، لەناو ڕاگەیاندنەکانیش وەک لەسەرەتا ئاماژەم پێکرد، گرنگی بە پێگەی ئافرەت نادەن ئەگەرنا ئافرەتی زۆر باش و بەتواناو ڕۆشنبیرمان زۆرە کە گرنگی بە ئافرەت نادەن؟؟ دیارە ڕێچکەو قوتابخانەی ئەرستۆی فەیلەسوفیان جێبەجێکردوە کە ئافرەت وەکو مادەیەک دەبینێت بۆ دروستکردنی منداڵ نەک وەکو مرۆڤێکی ئەرکدار.

ئەو بەرنامە وپرۆگرامانەی کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئاشتەوایی خێزان دروست دەکات، بەڕێزتان تێبینی و سەرنجتان چیە لەسەریان، خاتوو نیان دەڵێت:

هەندێ بەرنامە هەیە کاریگەری نەرێنیان لەسەر ئاشتەوایی خێزان هەیە، بەداخەوە ئێمە میللەتێکین چاولێکەریمان تێدا زۆرە، هەرئەوەش وایکردوە زۆر جار خێزانەکان تووشی کێشەو جیابوونەوە دەبن، بەداخەوە هەندێ لەکەناڵەکان ڕەچاوی یاساو ڕێساو ئادابی گشتی ناکەن،وادەزانن ئەوبەرنامەیەی کەپێشکەشی دەکەن پێشکەوتنە، بەپێچەوانەوە وەکو ئاگادار بن سێ بەرنامەمان ڕاگرت لە سێ کەناڵ، کاردانەوەی باشی هەبوو لە نێو خەڵکدا دەستخۆشیان لێکردین بەردەوامین لەچاودێری کەناڵەکان، لەبەر ئەوەی هەموو گلەیەکان ئاراستەی ئێمەدەکرێت دەبێت ئێمەش وەڵامی خەڵک بدەینەوە

لەڕووی هەبوونی هەماهەنگی و چاودێریکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن وەک حکومەت چ پلان و بەرنامەیەک هەیە کەبتوانرێت بکرێتە بنەمایەک بۆ ڕێکخستنی میدیایی کوردی، لەم لایەنەوە خاتوو نیان دەڵێت: وەکو حکومەت کاری زۆرمان لەسەر کردوە، لەگەڵ چەند لایەنێکی پەیوەندیدار بەو پرسە خەریکین چەند ڕێنمایەکمان ئامادەکردوە وەکو بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و وەزارەتی ڕۆشنبیری لەگەڵ سەندیکای ڕۆژنامەنوسان بۆ ئەوەی بتوانین ئەو پاشاگەردانیەی بەناوی ئازادی ڕ اگەیاندن هەیە لەکوردستان ڕێکی بخەینەوە، هەندێ ڕاگەیاندن هەیە تەنها بۆ دروستکردنی هەواڵێک ئینسانیەت و ئێتیکی پیشەکەی لەبیر دەکات مرۆڤێک دەکاتە قوربانی، دەبێت ئەم جۆرە هەواڵ دروستکردنە ڕاوەستێت و بە فۆرمە زانستیەکەی ڕاگەیاندنکارەکان ڕابهێنرێنن، خولی زانستیان بۆ بکرێتەوە لەبەرنامەماندا هەیەو پەیوەندیمان بەچەند وەزارەت و لایەنی پەیواندیدارو ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیەوە کردوە بۆ ئەم مەبەستە.

هێلین میدیا

ئافرەت لەناو تێڕوانینە جیاوازەكانی كۆمەڵگەوە

سۆزان محمد

لەسەر پرسی ئاماژەدان بە توانا و بەهرەی ئافرەتان، کۆمەڵگە دابەشی دوو بۆچونی جیاواز بووە، لایەک وێنای دەکەن ئافرەت تەنها دەتوانێت تەواوکەری کاری ڕەگەزی بەرامبەری بێت کە پیاوە و بەبێ وجودیەتی ئەو ناتوانێت لەکایە جیاوازەکاندا وەک کارەکتەرێکی سەرەکی دەربکەوێت، لایەکی دیکە بەپێچەوانەوە رایان لەسەر توانای ئافرەت بابەتێکە دەمێکە لەگفتوگۆ و جەدەل براوەتەوە و ئافرەت نەک بۆخۆی بەڵکو بۆ پیاوانیش بۆتە پاڵپشتێکی بەهێز و کارەکانی پیاوانیشی راگرتوە بەبێ ئەوەی وەک پێویست دەربکەوێت.

باسکردن لەیەکسانی جێندەری و راگرتنی باڵانسی هێزی هەردوو رەگەز لەکۆمەڵگەی کوردیدا بەقۆناغگەلێکی سەختدا تێپەڕیووە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت کەلەسەدەی ٢١ دەژین بارودۆخی ئافرەتان و ژنان زۆر لەبار نیە، بەو مانایەی لەئاست خواستی پێشکەوتنی توانا مرۆییەکانیدا نیە، ئەم فاکتەرەش دەبەسترێتەوە بەو تەوژمە گۆرانکاریە نەرێیانەی کۆمەڵگەی کوردی پیا گوزەر دەکات. لەلایەک کۆمەڵگە وەک پێویست گرنگ و بەهایەک بۆ توانست و رۆڵی بەرجەستکراوی ئافرەت دانانێت، لەرەهەندێکی دیکەشەوە ئافرەت لەبەرامبەر ئەو بێ بەهای کردنە هەندێک جار توشی وەستان دەبێت بۆ ئەوەی باشتر لەهۆکارەکان تێ بگات و هەوڵ بدات بە عەقڵ و بیرێکی نوێوە هەنگاو بنێتەوە.

ئێستا کاتی ئەوەیە فەزایەکی نوێ بۆ بیرکردنەوە و تێروانینی کۆمەڵگە بۆ ئافرەت بخولقێنرێت، واتە ئافرەت وەک مرۆڤ و ئەندامێکی کۆمەڵگە لێبروانرێت نەک وەک رەگەزی دووەم و بەپلەیەک کەمتر لەرەگەزی پیاو دابندرێت. تەواوی ئایدیا و ئاینە ئاسمانی و زەمینیەکانیشەوە بە گرنگیەوە باس لە ئافرەت دەکەن و داوای یەکسانی ماف و رۆڵی بۆ ئەکەن، بەڵام ئەوەی دەبێتە جێگەی مشتومڕ لەنێوان پەیرەوانی ئاینە جیاوازەکان و چالاکوانان، جێبەجێ نەکردنی ئەو برگەو دەقە ئاینیانەیە کەباس لەگرنگی هەبونی ئافرەت لەخیزان وکۆمەڵگەدا دەکەن بەتایبەت لەلایەن هەندێک لەو کەسانەی پێشەوایەتی ئاین دەکەن، بەئاماژەی کەمتر لەمرۆڤبوون هێما بۆ ئافرەت دەکەن، یاخود بەراورد بە ئافرەتانی نەتەوەکانی دیکە، بێ ئەرزش باس لەئافرەتی کورد دەکرێت لەکاتێکدا رۆژهەڵاتناسانی "مینۆرس وەککی و کلۆدیۆس جیمس ریچ" دەڵێن: "ئافرەتی کوردە بەبەراورد لەگەڵ ئافرەتانی تورک و عەرب وفارس ئازاترو بوێرترن".

ئەم بێبەهاکردنەی ئافرەتی کورد لەلایەن هەندێک کەسەوە لەروانگەی تێگەیشتن و وێناکردنیان، دەگەرێتەوە بۆ ئاستی ناحاڵی بوونی ئەو تاکە بۆ مرۆڤ دواتر بۆ ئافرەت چونکە ئاشکرایە مرۆڤایەتی گەشە ناکات و پێشناکەوێت ئەگەر ئافرەت وەک مرۆڤ لێی نەڕوانرێت.

رەنگە ئەم بیرکردنەوە و رێگرتنە لە ئافرەت بۆ بەشداری نەکردن لە سێکتەرەکانی دیکە و بەشایستەنەبونی بۆ دەستبردن لە بەرێوەبردنی کۆمەڵگە، لەتەواوی جومگەکانی کۆمەڵگەش بێتە بەردەم ئافرەتان. دەبینین لەمێژوی کۆن و هاوچەرخدا و لەکۆمەڵگەکانی دیکە ئەو ئافرەتانەی توانیویانە بگەنە دەسەڵات کاری خۆیان کردوە، ئەوانەشی کەراستەوخۆ دەسەڵاتیکیان لەحوکمداریدا نەبوە توانیویانە لەرێگەی هاوسەر یان کورەکانیانەوە چارەنوس ورەوتی مێژووی وڵاتەکەیان بگۆرن، بۆ نموونە" کاترین دۆمێدیسی" کە نزیکەی چل ساڵ بەناوی کورەکانی لەفەرەنسا حوکمی گێراوە، " مەلیکە ئەلێکساندرا" لەژێرکاریگەری و کارتێکەری پیاوێکی بەرەنگ ئاینی بەناوی " راسپووتین' ئیمپراتۆریەتی تێزارەکانی روخاند و هەروەها " ئێدیت ویلسۆن" هاوسەری کۆماری ئەمەریکا " وێلسۆن" کەلەدوو ساڵی کۆتایی خولی سەرۆک کۆماری هاوسەرەکەیدا بەناوی ئەو لەئەمریکا حوکمیکردووە. ئەم حاڵاتەنە ئەگەر لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا هەبێت بەرووە ئەرێنی و نەرێنیەکانیەوە، پێدەچێت لەژێر ناوی دیکەدا لە هەیمەنی دەسەڵاتی ئافرەت بدرێت.

> **ئێستا كاتی ئەوەیە فەزایەكی نوێ بۆ بیركردنەوە و تێڕوانینی كۆمەڵگە بۆ ئافرەت بخوڵقێنرێت، واتە ئافرەت وەك مرۆڤ و ئەندامێكی كۆمەڵگە لێبروانرێت نەك وەك ڕەگەزی دووەم و بەپلەیەك كەمتر لەڕەگەزی پیاو دابندرێت**

گرنگە کۆمەڵگەی کوردی خۆی لەهەندێک چەمک و بابەتی نەشیاو بەدووربگرێت کەلەبنەرەتدا موڵکی ئەو نیە، بەڵکو هاوردەکراوەتە ناو نەریت و کلتورەکەیەوە، هەروەک چۆن دەتوانێت خۆی لەگەڵ پێشهات و گۆرانکارییە خێراکان بگونجێنیت، دەبێت بەو میتۆدەش خۆی لەگەل قۆناغەکەدا بگونجێت و چیدیەکە ئافرەت بە فۆرمەکانی توندوتیژی و زوڵملێکراو نەناسێنێت، دەبێت بچێتە قۆناغی ناساندن و دەرخستنی هێزی ئافرەت و پێگەی یەکسانی بۆ برەخسێنێت لەتەواوی بەشداری پێکردنەکانی لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی، سیاسی و بوارەکانی دیکە، ئەو کاتە کۆمەڵگەی کوردی دەچێتە قۆناغی گەشەکردنی شارستانی و پێشکەوتنخوازییەوە.

خێزان چ ڕۆڵێکی لە گەشەی کۆمەڵایەتی هەرزەکاردا هەیە

نیگار نەجات

دیارترین تایبە تمەندییەکانی قۆناغی هەرزەکاری بریتیە لە ئارە زووی بەهێز بۆ سەربەخۆی و وەرگرتنی ئازادی کەسی، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە پەیوەندییە خێزانەکانیان کەمبکەنەوە، بەڵکو لەم قۆناغەدا بەردەوام هەست بە پشتیوانی دەکەن لەلایەن خێزانەکانیانەوە لەڕووی ئابووری ودەروونی وکۆمەڵایەتییەوە هەربۆیە خێزان ڕۆڵێکی سەرەکی وسەرەتایی دەبینێیت لەژیانی منداڵ ودروستکردنی کەسایەتیدا لە قۆناغی هەرزەکاریدا.

هەرزەکاردیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە

هەندێک لە زانایان لەوبڕوایەدان کەهەرزەکار دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە نەک بایۆلۆژی واتە گیروگرفت وجۆری کەسایەتی هەرزەکارلە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر و لەکاتێکەوە بۆکاتێکی تردەگۆڕێت. هەمووهەرزەکارانی جیهان یەک جۆرگیروگرفت ئەرک و پێداویستیان نیە، بەڵکو بە پێی دابونەریت شارستانی وئاستی ڕۆشنبیری ئە وکۆمەڵگەیەی کە تیایدا دەژی دەگۆڕێ، بە پێی بۆچوونی زانایان کۆمەڵگەیەک کە پڕبێت لە بەرگری و وبەربەست وململانێ وکێبڕکێ وچەوساندنەوە و جۆرەها بە هاو ئاکار و فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیای جیاجیا، ئەوا هەرزەکاری ئەوجۆرە کۆمەڵگایانە بەزۆری تووشی ململانێی دەروونی وگیروگرفت ونەخۆشی دەروونی وکۆمەڵایەتی دەبن ئەگەر بەراوردبکرێت بە ئەوهەرزەکارانەی کە لە کۆمەڵگایەکی سادە و ساکار و دوور لەبەربەست و ڕێگردا دەژین ویەک جۆرفەلسەفە و ئایدیۆلۆژیا و ئاین وبە هاوئاکاری کۆمەڵایەتیان هەیە، لەبەرئەوەی هەرزەکار لە کۆمەڵگەی ئاڵۆزو پڕلە گیروگرفتدا بەردەوام ڕووبەڕووی ناخۆشی وململانێ دەبێتەوەو نازانێ لەو هەموو ئاین وفەلسەفە و دابونەریتە کۆمەڵایەتیە جیاجیایانەی کۆمەڵگەکەی کامیان هەڵبژێرێ وکامیان واز لێبهێنی بەلام لە کۆمەڵگەی سادەو ساکار هەرزەکار تووشی ئەو بارە دەروونیەی پێشوو نابێت لە بەرئەوەی یەک جۆر ئاین وفەلسەفە و دابونەریتی گشتی هەیە وپەیڕەوی دەکات وتوشی ململانێی هە ڵبژاردن وکێبڕکێ نابێت.

هەرزەکاری دیاردەیەکی دە رونییە

بەرفراوانبوونی بواری (کۆمەڵایەتی، کاتی، شوێنی و جەستەیی)ی هەرزەکار، واتەهەرزەکار زیاترلە منداڵ تێکەڵاوی کۆمەڵ ودامودەزگاکانی دەبێت ورووبەڕووی کێشە و دیاردەی کۆمەڵایەتی زیاتر دەبێتەوە، هەروەها ئەگەر لە قۆناغی منداڵیدا بەدووری ڕۆژ هەفتە و مانگ بیری کردبێتەوە ئەوا لە قۆناغی هەرزەکاریدا بیرلە چەندین ساڵی ترو پاشەڕۆژی داهاتووی دەکاتەوە، واتا بواری کاتی وبیرکردنەوەی بەرفراوانترو زیاتردەبێت، لە لایەکی تریشەوە ئەو ڕووبەر و ناوچە و شوێنانەی کە منداڵ تیادا دێت ودەچێت،هەروەها لەلایەنی جەستەیی و فیسولۆژیشەوە هەرزەکار زیاتر گەشەدەکات وقاچ ودەست و ئە ندامە کانی ترلە شی درێژترو گەورەتر و ئاڵۆزتردەبن ئەگەر بەراورد بکرێن بە قۆناغی منداڵی .

ئەگەر بمانەوێت ئەو هەرزەکارە بە ئاسانی و دوور لە گیروگرفت قۆناغی هەرزەکاری ببڕێت وبەسەلامەتی بچێتە قۆناغی گەورەیی وکامڵیەوە و کەسێکی بەکەڵک و بەرهەمهێنەر بێت ودووربێت لە گرفتی دەروونی و کۆمەڵایە تی، ئەوادەبێت زۆربە زیرەکانی مامەڵە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیانە بکەین کە لە قۆناغی هەرزەکاریدا ڕوودەدەن

تەم ومژاوی وناڕێکی ئەوگۆڕانکاریانەی سەرەوە واتە کاتێک هەرزەکار لە لایەنی جەستەییەوە دەگۆڕێ، گۆڕانکاریەکان زۆربە خێراو، کوتوپڕن وهەرزەکار لە سەرەتادا ناتوانێت بە ئاسانی خۆی لەتەکیاندا بسازێنێ وشارەزایی وزانیار ی تەواوی لە بارەیانەوە نیە کە ئەمەش تووشی ڕاڕایی وگومان و دڵەڕاوکێ وترس وبیرێکی دەروونی ئاڵۆزدەکات.

هەروەها لە لایەنی کۆمەڵایەتیشەوە تووشی زۆر گیروگرفت و ململانێی دەروونی وکۆمەڵایەتی دەبێت، لەبەرئەوەی نە منداڵەکەی جارانە و نەبووە بە کە سێکی گەورە، واتە نەمنداڵا ن بە منداڵی دادەنێن و نەگەورەکانیش پێشوازی لێدەکەن و بە گەورەی دادەنێن، کەواتە هەرزەکار ناسنامە ی تایبەتی خۆی نیە و لە ئاسمان خەو و خەیاڵدا پەلەوژێیەتی ونازانێت سەربە چ گروپ وقۆناغێکە، ئەمەش تووشی خەم وخەفەتی دەکات لەلایەنی کات و بیرکردنەوەی پاشەڕۆژەوە، زۆرلەدیاردە و پێشبینیەکان ڕوون و ئاشکرانین لە لای هەرزەکار، بەڵکو وەکوهیچ شوێنێنک نازانێت وکەس ناناسێت ونازانێت بەرەوکوێ بروات،باری دەروونی هەرزەکار یش وەک باری دەروونی ئەوکابرا نە شارەزایە یە، چونکە جەستە وبواری کۆمەڵایەتی ودەروونی وەک ئەوشارەشاراوەو نادیار وایە.

سەرەڕای ئەوگۆڕانکاریانەی سەرەوە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان جیهان و ڕاوبۆچوونی هەرزەکارو ڕاوبۆچوونی گەورەکان هەیە و ئەمەش لە قۆناغی هەرزەکاریدا تووشی ململانێی کۆمەڵایەتی وبگرەو بەردەی دەکات. بە پێی لێکدانەوەی ئەم تیۆرەی (لیڤین)هەرزەکار بوونەوەرێکی بایۆلۆژی وکۆمەڵایەتیشە، لەهەمانکاتدا لایەنی جەستەیی وگۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیەکانی جیهانی دەرەوە کاریگەریان لە سەرباری دەروونی هەرزەکار هەیە .

هەروەها لیڤین لە وبڕوایەدایە کە گیروگرفتی هەرزەکار لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر دەگۆڕێ وهەندێک کۆمەڵگە گیروگرفت بۆ هەرزەکار دروست دەکەن بەڵام هەندێکی تر دروستی ناکەن. کەواتە تیۆری لیڤین گیروگرفتەکانی قۆناغی هەرزەکاری بۆ گۆڕانکاری (جەستەیی، کۆمەڵایەتی، کاتی وشوێنی)دەگەڕێنیتەوە .

ئەوەش لەبەرئەوەیە کە هەرزەکار بەئاسانی لەگەڵیاندا ڕانایەت و کاتێکی دەوێ تاکو شارەزای جەستەی تازە وسەرجەم گۆڕانکاریەکانی لەشی دەبێت و دەتوانێت کۆنترۆڵی ئەندامەکانی لەشی بکات، بەڵام لە سەردەمی منداڵی ئەوگیروگرفتانەی نەبوو لەبەرئەوەی ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئە ندامەکانی لەشی وجۆری بیرکردنەوەکانی ڕوون وئاشکرابوون ومنداڵ پێییان ئاشنایە بە پێیچەوانەی هەرزەکار کە هە موویان نامۆو کوت و پڕو لە ناکاون.

هەرزەکار و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی

منداڵ کاتێک ماڵئاوایی لە قۆناغی منداڵی دەکات وپێ دەنێتە قۆناغی هەرزەکارییەوە کۆمەڵێک گۆڕانکاری گرنگ لە بواری کۆمەڵایەتی و هاوکاری ژیانی ڕۆژانەیدا ڕوودەدات، لەوانە فراوانبوونی تێکەڵاوبوون ژینگەی کۆمەڵایەتیەکەی و زیادبوونی ژمارەی هاوڕێکانی و زیاتر چوونە ناوکۆڕ و کۆبوونەوە و شارەزابوونی دابونەریت و بەها کۆمەڵایەتیەکانی، لەبەرئەوە ئەرکی سەرەکی دایک وباوک و مامۆستاو کەسانی تری چواردەوری هەرزەکارە، کە ئەوگۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیانە لە بەرچاوبگرن و مامەڵەی ڕاست ودروستی لەگەڵدا بکەن، بۆئەوەی وەک هەموو کەسێکی ئاسایی لە لایەنی کۆمەڵایەتیەوە گەشە بکات و نەکەوێتە گێرمە و کێشەو بگرە و بەردە، چونکە ئێستا ئەو هەرزەکارە منداڵەکەی جاران نیەو گەورە بووەوە ڕابۆچوونی تایبەتی خۆی هە یە .

ئەگەر بمانەوێت ئەو هەرزەکارە بە ئاسانی و دوور لە گیروگرفت قۆناغی هەرزەکاری ببڕێت وبەسەلامەتی بچێتە قۆناغی گەورەیی وکامڵیەوە و کەسێکی بەکەڵک و بەرهەمهێنەر بێت ودووربێت لە گرفتی دەروونی و کۆمەڵایە تی، ئەوادەبێت زۆربە زیرەکانی مامەڵە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیانە بکەین کە لە قۆناغی هەرزەکاریدا ڕوودەدەن.

هەرزەکار لە منداڵ زیاتر حەز بەناو کۆمەڵ و کۆڕ و کۆبوونەوەی گەورەکان دەکات، لەبەرئەوەی بۆچوونی لە لا دروستبووە، کە ئەومنداڵەکەی جاران نە ماوە و ئێستا گەورەبووە و هیچی لە باوک ودایک ومامۆستاو گەورەکانی تر کەمتر نیە و ئەویش دەتوانێت هە مووئەو کاروچالاکیانە بکات کە گەورەکان بە ئاکام دەگەیە نن، ئینجا بۆئەوەی ڕاوبۆچوونانەی بییەدی تووشی ململانێی دەروونی و گۆشەگیری یان شەڕخوازی نە بێیت، ئە وادەبێت باردۆخی گونجاو بۆ بخوڵقێندرێ وگەورەکانی ڕێز بگرن ولە نرخی کەمنەکەنەوە و بە چاوی سووک و منداڵی سەیری نە کرێت.

سود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:
سایکۆلۆژیای گەشە (منداڵ و هەرزەکار)
لە نووسینی: د.کەریم شەریف قەرەچەتانی

ادیبا عزالدین تاهیر

دێ چاوا ژینگەها خو پاریزێن

گەلە ک جارا دبیژین و دێ ئاخڤێن بلام کردار ب زحمتە ئەڤجا دڤێت هە ر ئیک ژێ مە ژێ خو دەست پێ بکەین ژێ ناڤا خێزانێ دا و پاشی ل قوتابخانان پە روردە بو هندێ کو چاوا فێر ببین کا چاوا ناخێ خو و رخسارێ خو ب پاکی رادگرین هەر واسا دڤێت مال و هە ر جهەکا کو ئەم بو کیف و خوشی لێ سود وەربگرین ب پاقێژی را بگرین و بلا سروشتێ مەجوانتر بێتە پێش .

لێ بە رێ دایک و بابێ مە کو لێ گوندان دژیان پارا پتر نە خوایندەوار بوون بەلێ ئاستێ زانینا وان ژێ ڤێ سەردەمێ باشتر بون زاروکێن خو فێری پاقژیێ دکرن بو وان گە لەک ناخوش بوو ئە گە ر کەسەک بەحسێ گوندێ وان کربا و گوتبا یێ پاک و خاون نینە هەر گوندێ خو وب پاقێژی رادگرتن بەلێ لێ نوکە کو سەردەمەکێ نویە زاروکان هە ر لێ داینگەهێ فێری گە لە ک تێشتێن باش دکە ن ب تایبەتی پاقێژی واسا پەروەردە دکن کو ئە و ب خو پاشماوین خو راکت و جهێ خو ب پاقێژی بهێلیت هە ر واسا لێ قوتابخانان زور گرنگی ب ڤێ بابەتی هاتیە دان کو ئە و قوتابی هەست ب هندێ بکەت کو چاوا دڤێت رخسارێ خو ب پاقێژی رابگرت وچاوا شەرم دکە ت کو رخسارێ وی یێ پیس بیت دڤێت واساژی هەست ب هندێ بکەت کو چاوا دەورو بە رێ خو جهێ خو پاقێژ بکەت .

دیاردیەکا دی بو من گەلەک سەیر بوو ژ لایێ وجدانێ ڤە کو چە وا ئەم جهەکێ پیس بکەین و ل وێ هیڤیێ بین یان بیژین کو (مانێ ییت هەین پاقێژ بکەن) یا کەسێن کریکار ئەوێن دان عمر ب کارێ پاقێژ کرنێ رابێن گەلەک ب مخابنی ڤە راستە ئەم دبێژین شولێ وێە بەلێ وەکو وجدان ما بوچی ئە م پاشماوین خو ناراکین و دناڤا زەرفان دا بو وی ژی ب ساناهی تر بیت و مخابن ل وەلاتێن بیانی بخو سود ژێ پاشماوەیان وەردگرن و هەر پاشماوەیەکێ وان دێتە پولین کرن و بکارئینان .

بو کو ئەڤ دیاردە بێتە چارە سەر کرن دڤێت چالاکڤانێن مەدنی ڤێ بەرچاڤ وەربگرن و هەڤکار بێن دا کو چڤاکی تێبگەهێنن کو ل هەر جهەکا هەبیت ب هەست ڤە چێ لناڤا ناخێ خودا چێ ژێ دەرڤە دڤێت مروڤ پاک و خاون بێت دڤێت مە هێزرا مروڤایتی هەبێت کو ئە و جهی کو ئەم بو سیرانی و خوشی هەلدبژێرین باقێژ رابگرین بو هندێ ژی هەر جهەک پێتڤیە فلێکس یا تابلوییێن تایبەت بێتە چاندن لسەر راکرنا پاشماوەییانل هەر شوینەکی.

هەر واسا پێتڤیە کو ئە و خەلکێ کو جهێ خو پاقێژ دکەن خەلکێ دی هان بدن دا کو ئە وژی چاڤ لێ ئیکدو بکەن هە رئیک بو ییدی دا سروشت بمینێت پاقێژ.

هەر واسا پێتڤیەکو جەێزا لسەر وان کەسان بێتە سەپاندن ئەوێن کو پاپند ب هندێ نەبێن کو پاشماوەیین خو راکن.

هیڤیدارم کو ئەڤ دیاردە نەمینت و بێتە چارە سەر کرن ب چاڤەکێ مەزن بێتە بەرچاڤ وەرگرتن دا کو هەمی پێکڤەب پاک و خاونی و سود ژێ جهێ خو یان بازێری خو وەربگرن هەر واسا بیتە جهێ سەر بەرزی بو مە کو دەمێ خەلکێ بیانی قەستا وەلاتێ مە دکەن ب خوشحالیڤە متحەکاری وەلات و گوند و بازێرین مە بێن.

چنکو پیشکەفتنا چڤاکی گرێدایە ب سیستە مێ سروشتی و ژینگە هێ ڤە هیڤیە ئەم بشێین ڤێ پروسێ ب پاک و خاونی رابگرین.

لە هێلینەوە

- ئاژانسی بۆشایی ئاسمانی ئەوروپا دووپاتی کردوە کە ئافرتێکی ئیتالی تەمەن ٤٤ ساڵ بە ناوی"سامانتا کریستوفر تی"وەک یەکەمین ئافرەتی فەرماندە لە وێستگەی بۆشایی ئاسمانی نێودەولەتی ئەوروپا بۆ ساڵی ٢٠٢٢ وەرگیرا. تاوەکو ئێستا ٦٠٠ بۆشایی گەرپۆ بۆشایی ئاسمان سەفەریان کردووە کە تەنیا ١٠٪ ئافرەت بوون."کریستوفرتی"لە سالی ٢٠١٤ بۆماوەی ١٩٩ رۆژو١٦ کاتژمێر بێ وەستان لە بۆشایی ئاسمان بووە وبەمەش ژمارەی پێوانەیی شکاند، وەک درێژترین سەفەر بۆ بۆشایی ئاسمانی ئەوروپا.

-"گوسیامە تامارا ستیولە" ئافرەتێکی تەمەن ٣٧ساڵی خەڵکی باشوری ئەفریقیایە، لە حاڵەتێکی بێ وێنەدا،بە یەک جار١٠ منداڵی هێنایە سەر دونیا کە حەوت کورو سێ کچن و تەندروستی هەمویان جێگیرە، بەم شێوە ئەو ئافرەتە ژمارەی پێوانەیی لە منداڵبوون لە جیهاندا شکاند.

- بە بڕیارێکی دادگای بەریتانیا "کۆمپانیای تسکو"کە گەورەترین کۆمپانیای وردە فرۆشییە لە بەریتانیا وخاوەنی چەندین مارکێتە لە وڵاتە، دەبێت حەقدەستی کارمەندەکانی ناومارکێتەکان کە زۆرینەیان ئافرەتن، لەگەڵ حەقدەستی کارمەندانی بەشی مەخزەن ودابە شکردن کە زۆربەیان پیاون یەکسان بکرێت، ئەمەش لە دوای ئەو سکاڵایە بوو کە دژی ئەو کۆمپانیایە بەرز کرایەوە بەوەی کە حەقدەستی کارمەندانی ئەو بەشە کاتژمێری ٣ پاوند لە کارمەندانی ناو فرۆشگاە زیاترە.

-"دامەزراوەی نێودەوڵەتی پەروەردەیی و هاوکاری ئافرەتان" کە پێکهاتووە لە ٢٠ رێکخراوی سەربەخۆ لە جیهاندا، رێنوێنی ئافرەتان دەکات کە لە پێگەی خۆیاندا چالاکانە رۆڵی ئاشتیخوازانەیان لە کۆمەڵگە وجیهاندا هەبێت و یەکێک لەو بابەتانەی کە زۆر گرنگی پێدەدەن رۆڵ و بەشداری ئافرەتە لە کایەی سیاسیدا و پێیانوایە بەشداری ئافرەت لە کایەی سیاسیداهەنگاوێکی بنەرەتییە بۆ دروستبوونی هەلومەرجی گونجاوی ئابووری وکۆمەڵایەتی کە دەرفەتی یەکسان بۆئافرەت و پیاودەرەخسێنێت و ئەگەر ئافرەت و پیاو لە یەکتر فێر بن وتێروانینە هاوبەشەکەیان پەرە پێبدەن، زیاترفێردەبن کە چۆن هاولاتییەکی چالاک و کاریگەربن ویەکێکیان بەشداری ئافرەتە لە کایەی سیاسیدا کەبە هاوکاری پیاوەکان و هەموو ئەو گرووپانە دەکرێت کە خوازیاری دادپەروەری کۆمەڵایەتین.

-"زانکۆی بیگ همتون" لە نوێترین لێکۆڵینەوەی خۆیدا دەریدەخات کە تەندروستی دەروونی ئافرەت زیاتر لە پیاو پەیوەندی بە خۆراکەوە هەیە، بۆیە پێویستە ئافرەتان گرنگی زیاتر بە خۆراکی تەندروست بدەن بۆ ئەوەی تووشی گرفتە دەروونییەکان نەبن، ئەو زانکۆیە جەخت لەوە دەکاتە سوودوەرگرتن لە خۆراکی تەندروست وخواردنی سەوزە ومیوە و وەرزشی رێک و پێک بە رێژەیەکی بەچاو کاریگەری تەندروستی دروونی بۆ ئافرەت هەیە.

ئا:نەسرین حەسەن

چۆنیەتی دووركەوتنەوە لەكێشە خێزانییەكان

تارا بەکر

لەژیانی هاوسەرێتی نێوان ژن و مێرد زۆرجار کێشە وگرفت و ناکۆکی دروست دەبێت، کە پێویستە هەردوولایەن هەوڵ بدەن تووشی ئەمە نەبن و تاکو بکرێت خۆیانی لێ بپارێزن.

یەکێک لەو هۆکارانە نەبوونی گفتوگۆیەکی راشکاوانەیە لەنێوان هاوسەرەکان، هەروەها کەمی یان نەبوونی گرنگیدانی یەکێک لەهاوبەشەکان بە ئەوەی تریان، چونکە ئەمە دەبێتە هۆکاری ئەوەی هاوسەرەکەی تر چەندین رەفتار و هەڵسوکەوت بکات کاتێک هەست دەکات لایەنەکەی تر پشتگوێیخستوە، ئاشکرایە ژیانی هاوسەرێتی و پەیوەندی ژن و مێردایەتی گرێبەستێکی زۆر پیرۆزە، بۆیە دەبێت گرنگی تەواو بەیەکتر بدەن و دووربکەونەوە لەپشتگوێ خستنی یەکتر، بەڵکو هاوکارو یارمەتیدەری یەکتربن لەکاتی تەنگەژە و ناخۆشیەکان و زیاتر پشت بەیەکتری ببەستن لەرووبەرووبوونەوەی ناخۆشیەکانی ژیان، لەهەمانکاتدا چێژوەرگرتن لەساتە خۆشەکان پێکەوە، چونکە پشتگوێ خستنە بەژەهری کوشندە و بکوژی سەرەکی پەیوەندی نێوان هاوسەران دادەنرێت.

یەکێکی تر لەهۆکارەکانی ناکۆکی لەنێوان هاوسەرەکان و دروستبوونی ساردی لەپەیوەندی نێوانیان بریتیە لە پەیوەندی سێکسی لەنێوان ژن و مێرد کە بە یەکێک لەدیارترین فاکتەرەکانی بەهێزبوونی خۆشەویستی و ئارامی دادەنرێت، بۆیە هەرچەندە ئەم پەیوەندییە ئاسایی و بەردەوام بێت و لەهەمان کاتدا بەهێز و بەخۆشەویستیەوە ئەنجام بدرێت، دەبێتە هۆکاری زۆربوون و زیاتربوونی رێز و خۆشەویستی و ئاسودەیی دەروونی بۆ ژن و مێرد، ئەمەش بەسروشتی خۆی رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر پەیوەندی و ئاسودەیی ژیانی هاوسەریەتیان و دوورکەوتنەوەیان لەهەر کێشە و گرفتێک لەلایەکی ترەوە رەنگدانەوەی ئەرێنی دەبێت لەسەر منداڵ و خێزانەکەیان بەشێوەیەکی گشتی.

یەکێکی تر لە رێنماییەکان بۆ دوورکەوتنەوە لەکێشە و گرفتی ژیانی هاوسەریەتی بریتیە لە سادەیی و یەکتر قبوڵکردن و دوورکەوتنەوە لەخۆ بەگەورەزانی لەسەر ئەوەی تریان، هەروەها هەمیشە ئارەزوو و ئامادەباشیان هەبێت بۆ ئاشتەوایی و لێبوردەیی لەکاتی ڕوودانی کێشە و ناکۆکی لەنێوانیان و دانانان بەهەڵە و کەموکوڕییەکانی خۆیان، کەواتە دوورکەوتنەوە لەگفتۆگۆی توند و یەکتر بریندارکردن و هەر رەفتار و هەڵسوکەوتێکی تر دەبێتە هۆکاری گەورەبوونی کێشەکە نەک بچووکردنەوەی و چارەسەرکردنی.

لە لایەکی ترەوە هەستکردنی هاوسەرەکان لەگەڵ یەکتر بە ئارامی و بوونی متمانەی بەهێز لەنێوانیان هۆکارو پاڵنەرێکی تری بەهێزە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە و تێک نەگەیشتنانەی لەنێوانیان ڕووئەدات.

کەواتە پەیوەندی باش و بەردەوام و گرنگیدان بە پەیوەندییە سێکسیەکان و تەنانەت پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیان لەگەڵ خێزانەکانی تر و کەسوکاری خۆیان هۆکار و یارمەتیدەرن بۆ دوورکەوتنەوە لەکێشە و گرفت و ناکۆکی خێزانی.

هەندێک لەهاوسەرەکان لەدوای تێپەربوونی ماوەیەک بەسەر پێکهێنانی ژیانی هاوسەریەتیان و خستنەوەی منداڵ، بەهۆی سەرقاڵیان بەکاروباری ژیان و ماڵ و منداڵ گرنگی بەخۆیان نادەن و بەشێوازێک رەفتار دەکەن وەک ئەوەی بە تەنها بژین، ئەمەش یەکێکی ترە لە هۆکارەکانی دروستبوونی ئاریشەی هاوسەریەتی لەنێوان ژن و مێرد، ئەمە لەهەندێک حاڵەت لەلایەن مێرد دەبێت بەشێوازێک دەردەکەوێ کە هیچ گرنگی نەک بەهاوبەشەکەی بەڵکو بەخودی خۆی نادات و دەبێتە جێگەی نارەزایی و بێزاری ژنەکەی و، لەهەندێک حاڵەتی تر لەلایەن ژن دەبێت بەهۆی سەرقاڵ بوونی بە کاروباری ماڵ و پەروەردەکردنی منداڵ کە ناتوانێت گرنگی تەواو بەخۆی بدات، هەروەها بەهاوسەرەکەی، بۆیە لەم حاڵەتە گلەیی و بێزاری لایەنەکەی تری لێدەکەوێتەوە و کێشە لەنێوانیان روو ئەدات.

> هەرکاتێک ژن و مێرد هەستیان بە گرنگی پێدان و ئارامی و دڵنەوایی کرد لەگەڵ یەکتر ژیانی هاوسەری و خێزانیان ئارام و سەقامگیر و خۆشگوزەران دەبێت و دووربن لەکێشە و توندوتیژی

بۆیە ڕێنمایی ئافرەتان و پیاوان دەکرێت کە گرنگی بەخۆیان و بەهاوسەرەکانیان بدەن و بەشێوازێک هەڵسوکەوت نەکەن وەک ئەوەی تەنها بۆ خۆیان بژین، هەرکاتێک ژن و مێرد هەستیان بە گرنگی پێدان و ئارامی و دڵنەوایی کرد لەگەڵ یەکتر ژیانی هاوسەری و خێزانیان ئارام و سەقامگیر و خۆشگوزەران دەبێت و دووربن لەکێشە و توندوتیژی.

بەسەرپەرشتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان
....
www.helinmedia.org

ناسک سەعید
Nask.saeed@helinmedia.org

شەیما مستەفا
Shayma.mustafa@helinmedia.org